**تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچانی یانەی وەرزشی هەولێر یەکێکە لەو تیپانە کە ماوەیەکی زۆرە بۆتە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستی تەمەن بچووک، چەندین یاریزانیی بەتواناش لەم یانەیە لەسەر دەستی ڕاهێنەری تیپەکە مامۆستا ڕێبوار جەباری دروست بوون، کە ساڵانە چەندین ئەنجامی باشیان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ئاسیاش بەدەستهێناوە، یەکێك لە یاریزانانی بەتواناى یانەکەش کە ئەو هێشتا تەمەنی بچووکە، بەڵام خاوەن خەونی گەورەیە لە ژیانی وەرزشیدا، ئەویش ریما عەبدولحەمیدە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠١ـە، ماوەی دوو ساڵیشە لە ریزی یانەی هەولێر یاری دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** چـۆن بوو خـۆت لە یارییەکانی گۆڕەپـان و مەیدان دۆزییەوە؟**

- وەرزش لای من زۆر خۆشەویست بوو، هەر ئەوەش وای کرد من زیاتر کاتی خـۆم بۆ وەرزش دابین بکەم و خۆم لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دۆزییەوە.

*** لە ئێستادا بە گشتی ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان چۆن دەبینی؟**

- یاریی گۆڕەپان و مەیدان گرنگی باشی پێدراوە لەلایەن یانەکانی کوردستان بەگشتی، ئێمەش لە یانەی هەولێر زۆر گرنگیمان پێدراوە، بەتایبەتی ڕاهێنەری یانەکەمان مامۆستا ڕێبوار هەردەم هۆکار بووە بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئێمە، بەڵام ئەگەر خـول و پاڵەوانێتیی بەردەوام نەکرێتەوە، ئـەوا ئەم یارییەش نابێتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی زیاتر.



دیمانە: کارزان کانەبی

## ڕیما عەبدولحەمید یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر:

# نەکردنەوەی پاڵەوانیتی گرفتە بۆ وەرزش

*** وەکو یاریزانێك پێت باشە چۆن پەرە بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بدرێت؟**

-ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بەوە بە پێش دەکەوێت، کە لەلایەن یەکێتییە وەرزشییەکان خول و پاڵەوانیتی و یاریگای تایبەت بکرێتەوە بە بەردەوامی و ڕێگە نەدەن گرفت لەم یارییە هەبێت و ساڵانە تەنیا یەك خول وپاڵەوانێتی بکرێتەوە ئەوە نابێتەوە هۆکار، جگە لەوەش قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان باشترین هۆکارە بۆ پێشکەوتنی یارییەکە کە یانەی هەولێر یاریزانی ئاستی تەمەنەکانی هەیە.

***گرفتی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە چیدا دەبینی؟**

- نەکردنەوەی پاڵەوانێتی، ئەمە گرفتە جگە لەوەش کە ئێستا گرفتی دارایی هەیە لەسەرجەم کوردستان و ئەوەش کاریگەری کردۆتە سەر ئاستی وەرزش، یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانیش لێ بەدەر نەبووە.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- بە هیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم و گرنگیی زیاتر بەتواناکانی خۆم بدەم وەکو یاریزان، بۆ ئەوەی سەری یانەکەم و شارەکەمان بەرز بکەینەوە لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە.

*** ئایا تا ئێستا لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراویت؟**

-بە هۆی بچووکی تەمەنم تا ئێستا بانگهێشت نەکراوم، بەڵام بە ئاستی خۆم هەوڵدەدەم بگەمە ریزی هەڵبژاردەی عیراق.

*** خۆت بە قەرزاری کێ دەزانی وەکو یاریزانێك کە ئاستی تۆی بەرز کردۆتەوە؟**

- بە سوپاسەوە مامۆستا ڕێبواری ڕاهێنەرم و خانەوادەکەم و خوشکەکەم زۆر هاوکارم بوون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یاریکردنی من.

*** چی بەو خانەوادانە دەڵێیت کە ڕێ لە کچەکانیان دەگرن لە وەرزشکردن؟**

-ئەوە زۆر جار لە کۆمەڵگەکان ئەو کارانە ڕوودەدات، کە ڕێگە لە رۆڵەکانیان بگرن لە رووکردنە وەرزش، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە من تاکو ئێستا کاری لەم جۆرەم تووش نەبووە و خانەوادەکەشم هۆکارم بوون بۆ پێشخستنی ئاستی من.

*** ئیدارەی یانەی وەرزشی هەولێر وەکو پێویست هاوکاریتان دەکات؟**

- لە ماوەی ڕابردوو هیچ کەم و کورییمان نەبووە وەکو یاریزانان، بەڵام ئێستا قەیرانی دارایی هەموو لایەکی گرتۆتەوە، یانەکەی ئێمەش بێبەش نەبووە.

*** لە نێوان وەرزش و خوێندن چۆن هاوسەنگیت دروست کردووە؟**

-ئەگەر تۆ بتەوێت ئامانجی خۆت بپێکێت، دەبێت بەرنامەیەك بۆ کاری خۆت دابنێیت، منیش بە پێی بەرنامەکانی خۆم هەردوو کار لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەم.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێ ؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بە بەردەوامی خزمەتی بواری وەرزشی دەکەن و و گرنگی بە سەرجەم وەرزشکارانی شارەکان بەبێ جیاوازی دەدەن، لە کۆتاییشدا هیوادارم گرفتی داراییش چارەسەر بێت و وەرزش ببووژێتەوە.

# مۆرینهۆ لەیەک حاڵەتدا دەست لەکار دەکێشێتەوە


جۆزی مۆرینهۆی پورتوگالی رایگەیاند تەنها لەیەك كاتدا بریاری دەست لەكاركێشانەوەم دەدەم.

دوای ئەوەی یانەی چێلسی بەڕابەرایەتی مۆرینهۆی راهێنەر لەدەستپێكی وەرزی نوێی پریمەرلیگ بەخەراپی دەستی پێكردووە ئەنجامەكانی شایەنی گەورەیی ئەو یانەیە نیە لەلێدوانێكدا مۆرینهۆی راهێنەر كە لەئێستا مشت و مڕی زۆر لەمبارەیەوە دەكرێت بۆ پێشكەشكردنی دەست لەكاركێشانەوەی دووپاتی كردەوە بڕوای تەواوم بەخۆم و یاریزانان و تیپەكەم و دەستەی كارگێڕی هەیە، بۆیە تەنیا لەیەك بارودۆخ دەست لەكاركێشانەوە پێشكەش دەكەم. ئەمەو ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی لەزاری جۆزی مۆرینهۆ بڵاویكردۆتەوە ئەو بارودۆخەی كە دەبێتە هۆكار بۆ دەست لەكاركێشانەوەم ئەو كاتەیە كە بڕۆمە ژووری خۆگۆڕین بڕوای خۆم لەدەست دابێت و یاریزانان پێم بڵێن بڕواو متمانەمان بەتۆ نەماوە ئەوە كۆتایی كارم دەبێت لەگەڵ یانەكە. ڕاهینەری چێلسی جەختیكردەوە كە لەتوانای هەیە لەگەڵ ئەو قەیرانە مامەڵە بكات، بۆیە لەسەر شانی هەموو لایەك پێویستە هەماهەنگ بێت لەگەڵم، ئەگەر هاتوو ببینم یاریزانان بڕوایان بەمن نەماوە ئەوە تاكە هۆكارە دەبێتە هۆی جێهێشتنی یانەكە، لەلای خۆیەوە یانەی چێلسی متمانەی بە مۆرینهۆ دووپاتكردەوە .

شایەنی وتنە مۆرینهۆ ئەنجامەكانی لەخولی پریمەرلیگ و خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەورووپا وەك پێویست نیە و تا ئێستا لە خولی وڵاتەكەی لە پلەی ١٦ دێت بەكۆكرنەوەی ٨ خاڵ لەهەشت گەری رابردوو.



## ڕۆجەرز: هیوادارم ڕاهێنەری داهاتووی یانەی لیڤەرپول سەرکەوتوو بێت



یانەی لیڤەرپول لە کۆی گشتی ٨ گەڕی ئەو وەرزەی خولی پریمەر لیگ دا تەنیا لە ٣ یاریدا براوە بووە و ئێستا لە پلەی دەیەم دایە. کاتێك ئەو یانە جەماوەریە لە یاری بەرامبەر بە یانەی ئێڤەرتۆندا بە گۆڵێك بەرامبەر بوو براندن ڕۆجەرز لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی ریدز دوور خرایەوە. براندان ڕۆجەرز لە ساڵی ٢٠١٢ دا بوو بە ڕاهێنەری ئەو یانەیە لەو ساڵانەش دا تەنیا یەك جار پلەی دووەمی خولی پریمەر لیگی دەستەبەر کردووە. لای خۆیەوە ڕۆجەرز بۆ ماڵپەری فەرمی یانەی لیڤەرپول ئاماژە بەوە دەکات کە: دابڕان لە ریزەکانی یانەی لیڤەرپول بۆ من زۆر ئەستەمە، چونکە ڕاهێنەرایەتیکردنی ئەو یانە گەورەیە فەخرێکی گەورەیە و من سوپاسی هەموو یاریزانەکانم دەکەم، چونکە ئەوان لە پێناو سەرکەوتنی یانەکەماندا هەوڵی زۆریان دا هیوادارم ڕاهێنەری داهاتووی یانەی لیڤەرپول سەرکەوتوو بێت.

## نەیمار: خەڵاتی تۆپی زێڕینی ئەمساڵ یەکلابۆتەوە




نەیمار داسیلڤای بەرازیلی سەبارەت بە براوەی نازناوی خەڵاتی تۆپی زیرین بۆ باشترین یاریزانی جیهان رایگەیاند لەو بڕوایەدام نازناوەکە یەکلابۆتەوە. ئەمەو لەمیانی دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆی دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی نەیمار روونیکردەوە زۆر یاریزان بەگەرم و گوڕیەوە ئارەزوو دەکەن براوەی ئەم خەڵاتەبن، بەڵام بەبڕوای خۆم ئەمە یەکلابۆتەوە. هەروەها نەیمار ئاشکرایکرد ئەمساڵ تۆپی زێرین بۆ میسیی هاوەڵی دەبێت، چونکە هەموو شتێکی لەگەڵ بەرشلۆنە ئەنجامداوە و شایەنی ئەو خەڵاتەیە. شایەنی وتنە نەیمار داسیلڤای بەرازیلی و یاریزانی بەرشلۆنەی پاڵەوانی خولی لالیگاوجامی شاو خولی پاڵەوانان و جامی سوپەری ئەورووپی نێوی لەلیستی ئەو ٥٩ یاریزانەیە کەدەست نیشانکراون بۆ بەدەست هێنانی ئەم خەڵاتە کە لە دواییدا بۆ سێ یاریزان کەمدەکرێتەوە تا دەنگی کۆتایی لەبارەیەوە بدرێت. ئەمە لەپێشتردا ماڵپەری فەرمی یەکێتی تۆپی پیی نێو دەوڵەتی (فیفا) رایگەیاندبوو لە ١١ کانوونی دووەمی ٢٠١٦ لەشاری زیوریخی سویسری ئاهەنگی دیاریکردنی باشترین یاریزانی جیهان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی تۆپی زێرین بەرێوەدەچێت.



# کوردێکی تاراوگە دەبێتە ڕاهێنەری ئەکادیمیایەک

دوای ئەوەی یانەی (FavAC)ی سویسـری بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە ئاسـتەکانی تەمەنـی بچووك لە یانەکەی و پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسـەر ئاستی وڵاتەکە، بە دوای ڕاهێنەرێکـی بەتوانای ئەزموونداردەگەڕا بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی خاوەن ئاسـت بەرز بۆ سـوود وەرگرتنیان لە داهاتوو، دەسـتەی کارگێڕیی یانەی (FavAC)بە فەرمی بڕیاری دا یاریزانی یانەکـەی ڕۆژگار زراری یاریزانی بەتوانای یانەکەی بکاتە ڕاهێنەری ئـەم ئەکادیمیایە. لە بارەی پێوەندیکردنیی بەم

# سلێمانی بەرنامەی بەشداریکردنی لە خولی کوردستان نییە



هەر چەندە بڕیارە لە مانگـی داهاتوو یارییەکانی وەزری نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردسـتان دەستپێبکات، بەڵام قەیرانی دارایی بۆتە کۆسـپێکی گەورە لە بەردەم یانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە یارییەکانی ئەم وەرزە بەشداری کارا بکەن.

یانەی سلێمانی ساڵانە لە خولەکانی کوردستان ژمارەیەکی گەورە بووە و ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە، بەڵام ماوەی دوو ساڵە یانەکە لە پاشەکشەدایە بەهۆی ئەم قەیرانە قووڵەی رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە وەرزشیش بۆتە بەشێك لە کێشەکان، یانەی وەرزشـی سلێمانیش تاکو ئێستا بە فەرمی هیچ بڕیارێکی بۆ بەشداریکردنی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان نەداوە، ئەگەری ئەوەش هەیە کە هیچ بەشدارییەك نەکات لە خولی نایابی ئەمسـاڵ، لە بـارەی ئەگەرەکانی بەشـداری نەکردنیان، بەهمەن غەریب بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵانی گوتی: «ئێمە وەکو یانەی سلێمانی تاکو ئێستا هیچ ئامادەکارییەکمان نەکردووە بۆ بەشداریکردن لەم خولە، چونکە بەردێك هەڵناگرین توانای هاوێشتنمان نەبێت، ئەمسـاڵیش نامانەوێ هەڵەکانی ساڵی ڕابردوو دووبارە بکەینەوە، جگە لەوەش درووسـتکردنی تیپ پارە و مووچە و گرێبەستی پێویستە بۆ یاریزانانی بەشدار لە یارییەکان، لە ئێسـتادا هیچ سـەرچاوەیەکی دارایی نییە لە ناو یانە توانای دروسـتکردنی تیپی تۆپی پێی هەبێت.» لە بارەی داواکردنی هاوکاری لەلایەن بەرپرسـانەوەش، بەهمەن گوتی: «هیچ کەس و لایەنێك پارە نادات بەقەرز، نەك وەکو هاوکاری ئەوانەش هەمووی گرفتە، بۆیە سـوورین لەسـەر دروست نەکردنی تیپ بۆ ئەمساڵ.»



تیپە ئاست بچووکە رۆژگار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەستەی کارگێڕی یانەکەمان بە فەرمی داوایان لەمن کرد وەکو یاریزانی سەرەکیی یانەکە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم ئەکادیمایە بەڕێوە ببەم، بۆیە منیش لەسەر داوای ئەوان هەم وەکو یاریزان و هەم وەکو ڕاهێنەری ئەکادیمیایەکە دەستبەرکارم و لەم ماوەیەشدا یاریزانانی تەمەن بچووکمان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی مەشقیان پێبکەین و ئامادەیان بکەین بۆ دوارۆژی یانەکەمان و سوودوەرگرتن لە توانا و ئەزمونی ئەوان، هەموو هەفتەیەك بۆ ماوەی سێ رۆژ سەرجەم یاریزانان کۆدەکەینەوە و مەشقیان پێدەدەین و فێری هونەری یاریی تۆپی پێیان دەکەین، ئەم کارەش بۆ من زۆر باشە وەکو یاریزانێك بۆ دوارۆژی خۆیشم ئەگەر بوومە ڕاهێنەرێکی بەتوانا کە لێرەوە دەستم پێکردووە هەنگاو بە هەنگاویش کاری باشتر دەکەین، ئەوەش دەسەلمێنین کە ئێمەی کورد هەر کارێکمان پێ سپێردرابێت، دەتوانین بە سەرکەوتوویی بەڕێوەی ببەین، پەنا بە خوای گەورە لە داهاتوودا دەتوانین سوود بە وەرزشی کوردستانیش بگەیەنین».

# پێشمەرگەی هەولێر خۆی گەنج دەکاتەوە



لەگەڵ ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر توانی پلەی چوارەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم وەرزە لە هەوڵی ئەوەدایە کە تیپێکی جیاوازتر درووست بکات بۆ وەرزی نوێی خولەکە و چاویشی لە کێبڕکێکردنە لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، لە ئێستاشدا یانەکە دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان. لە بارەی ئامادەکارییەکانیش سەمیر بابۆ ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ ئەم وەرزە تاکو بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، جگە لەوەش ئەمساڵ نزیکەی ١٢ یاریزانمان لە ریزی یانەکە دوورخستۆتەوە و بەنیازی ئەوەین یاریزانی دیکە بهێنین بۆ ئەوەی شوێنی ئەوان پڕ بێتەوە، بەڵام قەیرانی دارایی بۆتە گرفت بۆ ئێمە لە هێنانی یاریزانان، بۆیە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ژمارەیەك لە یاریزانانی تیپی لاوانمان سەرخستووە بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانی ئەوان ببینین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە»، لەبارەی هێنانی یاریزانی تریش لە شارەکانی کوردستان سەمیر گوتی: «ئێمە بە فەرمی قسەمان لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان کردووە بۆ ئەوەی پێوەندی بە یانەکەمانەوە بکەن، هەریەك لە یاریزانان ئەحمەد سالار لە یانەی سلێمانی و هاوڕێ جەلال لە یانەی نەورۆز گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە و ڕەزامەزاندیی خۆیان نیشانداوە بۆ یاریکردنیان لە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، بەڵام تاکو ئێستا بە فەرمی هیچ کارێکمان تەواو نەبووە لەگەڵ ئەم یاریزانانە، جگە لەوانەش ئێمە ژمارەیەك یاریزانی تریش دەهێنین، ئەمساڵ بەگشتی چاومان لەوەیە جیاواز بین لە یانەکانی تر لە پاڵ هێنانی یاریزاناندا، گرنگیی بە تواناکانی یاریزانانی لاوی یانەکەمان دەدەین، داوکارین لەلایەنی بەرپرس هەرچی زووە هاوکاری وەرزش بکەن بۆ ئەوەی بواری وەرزشی جارێکی دی ببووژێتەوە، چونکە ئێستا سەرجەم یانەکانی بەدەست گرفتی داراییەوە دەناڵێنن.»